وەزارەتی ناوخۆ هەواڵی تێکدران لە چەند عێراقیەک لەلایەن هێزەکانی کۆیتەوە دوورە لەڕاستیەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە،وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند، هەواڵی تێکدران لە چەند گەنجێکی عێراقی لەلایەن هێزەکانی کۆیتەوە دوورە لەڕاستیەوە،وتیشی داوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پێچ و ئاکاوتنەکانی سۆشیال میدیا دەکات کە وردبین بن لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە ئەمنییەکان.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە : بەشێک لە پێچ و ئاکاوتنەکانی سۆشیال میدیا هەواڵەکیان بەاوکردەوە کە گوایە پاسەوانانی سنووری کۆیت لە نزیک سنوور تێقیان لەژمارەیەک گەنجی عێراقی کردوە،و لە ئەنجامدا یەکێکیان شەهید بووە و یەکێکی دیکەش بریندار بووە.

وەزارەتی ناوخۆ تەواوی ئەم دەنگیانە ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوەدەکات، کە سنوری نێوان عێراق و کوەت سەقامگیر و ئارامە و هیچ ڕووداوێکی لەم جۆرە نەبووە.

هەروەک وەزارەت داوای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پێچ و ئاکاوتنەکانی سۆشیال میدیا دەکات کە وردبین بن لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە ئەمنییەکان و هەروەها پشت بە سەرچاوە فەرمییەکان ببەستن.